کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
21-5-2007 8:33بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# شەرەفی کچ لە نێو لینگی کچدایە، یان لە عەقڵیدا؟... ڤینۆس فایەق - بەشی دووەم

- ئەو پزیشکەی (پەردەی کچێنی) ئەدروێتەوە، ناتوانێت هەست و دڵی بریندار بدروێتەوە؟
- (ن) : من لەوە تێناگەم کۆڕێکم خۆش نەوێت بتوانم جەستەمی پێڕەوا ببینم، ئەگەر هەزار کۆنتراکتی زەواجیشمان لەبەینا بێت

بەشی دووەم

بۆخۆم زۆر شتم دەبیستەوە، گوایا (ن) کە ئیستا تەمەنی 23 ساڵە، دوو ساڵ بەر لە ئیستا پەیوەندیەکی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێکی هۆڵەندی دوو ڕەگەز (باوکی سورینامی و دایکی هۆڵەندی) بەستووە و ڕێکەوتوون لەسەر ئەوەی بەیەکەوە بژین، بەباوەڕم من ئەمە مافە نەك تاوان، بەدەر لەوەی ئایا ئەو کوڕە چ ڕەگەزێکە، بەمەرجێ ئەگەر یەکەم هەردووکیان بەیەکەوە بەختەوەربن، دووەم ئەو کوڕە ڕێز لەو کچە و لە نەتەوەکەی بگرێت، جگە لەوەی ئەبێت هەردووکیان پیرۆزی ژیانی هاوسەری تێگەیشتبن، ئەمە لایەنی مرۆڤایەتی مەسەلەکەیە، بەڵام لایەنی کورتبینی و ڕەشبینی و ڕوانینی دواکەوتووی ئایینی و کۆمەڵایەتی بۆ ئەو مەسەلەیە ئەوەیە ئەو کچە تاوانێکی گەورە دەکات، ئیتر خۆشەویستی لەوێدا جێگەی نابێتەوە، لەبەردەم کورتبینی بیری دواکەوتووی کۆمەڵگا و عەشیرەتدا عیشق و سۆزداری بوونی هەرنیە، بگەر تاوانێکی مەزنە، لەو حاڵەتانەدا مەسەلەی شەرەف و نامووس ئەو تاوانە ئامادەکراوەن هەمیشە ئەکرێنە ملی کچ و سزای خێڵ و دارستانی بەسەردا ئەدەن..

بەهەرحاڵ وەکوو ئەو خەڵکە شتم دەبیستەوە، نیگەرانیش بووم لەو کەسانەی ئەکەوتنە وتی و قسەهێنان و بردن، نەك تەنها لەبارەی ئەو کچەوە، بەڵکوو لەبارەی هەموو کچە کوردەکانەوە کە لە هەندەران ئەژین، هەمیشەش ئەپرسم بۆچی مرۆڤ نەتوانێت ئازادانە بژی بەبێ ئەوەی قسەی لێبکرێ یان دواخرێ؟ بۆچی دەبێت مرۆڤ و بەتایبەت ژن لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەر بۆ خەڵکی بژی نەك بۆخۆی؟ کە دەستمدایە ئەو ریپۆرتاژە، بیرم کردەوە پەیوەندی بکەم بە (ن) ەوە، هەرچەندە دایکیم دەناسی، بەڵام نەمویرا، نەمدەزانی داخوا کاردانەوەی پرسیارکردنم لەو مەسەلەی بۆ سەریان چۆن دەبێت؟ لەگەڵ ئەوەشدا زۆرم لە خۆم کرد و ڕووەو لای دایکی (ن) بەڕێ کەوتم دوای ئەوەی بە تەلەفۆن روخسەتم لێخواست سەردانێکی بکەم.. کە چوومەلای دوای هەزار و پەك پێچ و پەنا و ئەملاوئەولا هەتا مەسەلەکەم کردەوە.. دایکی (ن) یەکسەر دڵی پڕبوو لە گریان، دڵیم هێنایەوە و دڵنیامکرد کەمن نیازم هیچ شتێك نیە زیاتر لەوەی ریپۆرتاژێك لەسەر ئەو مەسەلەیە ئنووسم و کارم بە قسەی خەڵك نیە، بگرە من لەرێی نووسینەکەشەوە داکۆکی لە مافی کچ ئەکەم.. ئینجا کە هێوربۆوە بەم شێوەیە دەستی کرد بە قسەکردن: (ن) ی کچم زۆر پاکە، بەخوا و خۆم ئەزانم ئەو کچەم چ زوڵمێکی لێکراوە، ئەو بەڕاستی ئەو کوڕەی خۆشدەویست، باوکی زاڵمانە وازی پێ لێهێنا، چەندین جار هەڕەشەی کوشتنی کرد، قسەکەشی ئەبردە سەر ئەگەر وازی نەهێنابا، ئەوەشی وایکرد وازی بهێنێت لەو کوڕە، ئەوەبوو باوکی کوڕەکەی بانگ کرد و هەڕەشەی کوشتنی کرد، پێی وتی: واز لە کچەکەم بێنە هەقم نابێت بەسەرتەوە، باوکی (ن) پیاوێکی بەزەبر و زەنگە، هەرچەندە ئیستا دوور ئەژی لێیان گەڕاوەتەوە کوردستان، بەکار و بەرژەوەندی خۆیەوە سەقاڵە، بەڵام چەند بیری لای پارە و پوولە، ئەوەندەش بیری لای توندوتیژی و نامووس و هەڕەشە و گوڕەشەیە..

دواجار (ن) بەنابەدڵی وازی لە کوڕە هۆڵەندیە دووڕەگەزەکە هێنا، پاش ماوەیەك باوکی پەیوەندی پێوەکردین وتی: کوڕێکی باش لە کوردستان ناردوویەتیە داخوازی (ن) و ئەویش بێ قەید و مەرج رازی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بووە، داوای کرد دایکی (ن) و (ن) بچینەوە بەسەردان بۆ کوردستان، بۆ ئەوەی (ن) و کوڕەکە لە کوردستان یەك ببینن و مەراسیمی داخوازی و شەکراو و مارە تەواو بکەن.. تا ئێرە وەکو دایکی (ن) بۆی دەگێڕێمەوە ئاسایی بوو، ئینجا بە گریانەوە وتی: بەڵام ئەوەی بەخەیاڵما نەدەهات، ئەوەبوو (ن) ڕۆژێك لە ڕۆژان بێت و شتێکی وام پێ بڵێ.. (ن) هاتە لام وتی: دایکە من ئەو شووە ناکەم، وتم: بۆ؟ وتی: چونکە نایناسم، وتم: بیبینە ئینجا بڕیاربدە.. پێم وت: من هەقم نیە بەسەرتەوە، قسە لەگەڵ باوکت بکە.. (ن) قسەی لەگەڵ باوکی کرد، پێی وت نایەوێت ئەو شووە بکات، بەڵام سوودی نەبوو، باوکی (ن) گفتی دابوو بەخەڵککەکە، و نەدەکرا پاشگەز بێتەوە، وەك دەیگوت، ئەوەی گرنگبوو بەلای باوکی (ن) ەوە گفتەکەی خۆی بوو، نەك بەختەوەری کچەکەی.. هەرچی چۆنێك بێت (ن) نمان ڕازی کرد بچینەوە بۆ کوردستان، ئەوەندەم لەبیرە (ن) وتی: باشە دێمەوە، بەڵام بەهەر بیانوویەکەوە بێت من ئەڵێم شوو بەو کوڕە ناکەم، دایکە تۆ ناتوانیت بزانیت من ناتوانم شوو بەو کوڕە بکەم.. ئەو دەمە لەو قسەیەی تێنگەیشتم... ئیدی ڕۆشتینەوە بۆ کوردستان، لەوی (ن) کوڕەکەی بینی، بەڵام لە پێشتر ویاتر سوور بوو لەسەر ئەوەی نایەوێت شووی پێبکات..

بەڵام هەر سوودی نەبوو، وتی: باشە من مەرجم هەیە، ئەبێت خوێندن تەواوبکەم، کە خوێندنم تەواو کرد، ئەو کاتە با بگوێزرێمەوە.. ئەوەبوو سەرەتا (ن) لای مەلا مارەکرا، شەکراو خورایەوە، و ئاڵتوونی بۆ هەڵگیرا و پاش ماوەیەکی کەم گەڕاینەوە بۆ هۆڵەندا.. کە گەڕاینەوە لە فڕۆکەکەدا (ن) وتی: ئاسانە، ماویەکی تر خۆم بە باوکم ئەڵێم جیا ئەبمەوە، نامەوێت شووی پێبکەمز" منیش پێم وت: ئەی بۆ پێت دانەگرت کە هەر ناتەوێت؟ وتی: ئەی باوکمت نەبینی چۆن دەمارگیربببوو، دوورنەبوو لەوێ بکوژێت.. (ن) دەترسا لەوەی باوکی بیکوژێت، بۆیە هەر کەگەشیتنەوە بۆ هۆڵەندا هەموو شتێکی بۆ دایکی باسکرد.. (ن) بۆ دایکی گێڕاوەتەوە وتی: من و کوڕە هۆڵەندیەکە بە ڕاستی و بە پاکی یەکترمان خۆشدەویست، هەرگیز بیرمان لەوە نەکردبۆوە ڕۆژێك دێت ئاوا جیابینەوە، بۆیە بڕیارمان دابوو دوارۆژ پێکەوە بژین.. ئیدی لەسەر ئەو بنەمایەش هەمیشە بەیەکەوە بووین و نایشارمەوە چەندین جار چوومەتە ماڵەوە لەگەڵی، بەڵام بێ گومان و شك بووم لەوەی پێم ڕانابوێرێت و خۆشی دەوێم، هەر ئەو هۆیەش بووە جەستە و کچێنی خۆمم پێڕەوا بینیوە، هەستم کردووە تەنها کەسە لە دونیادا بۆی هەیە دەستی بەر لەشم کەوێت، هەتا ئیستاش وا بیردەکەمەوە، تەنها کەس شەرعیەتی ئەوەی هەبووبێت من ئێگەی پێبدەم دەست بدات لەلەشمەوە، ئەو کوڕەبووە.. بەڵام دایکی تووڕە دەبێت و پێی دەڵێت: کەواتە شەرەفیت خستە ژێرپێتەوە، چۆن کچ بەبێ شوو کردن ڕێگە دەدات پیاو دەستی بۆ بەرێت.. (ن) لەوە تێناگات، (ن) تەنها لە زمانی خۆشەویستیەکی پاك تێگەیشتووە، وەیزانیوە، ئەوە سەرەتای ژیانێکی بەختەوەریە، وای زانیوە تەنها عیشق و خۆشەویستیەکی پاکە گەرەنتی بەختەوەری دەکات لەگەڵ ئەو کەسەی ژیاین لەگەڵ دەباتە سەر.. (ن) وەڵامی دایکی دەداتەوە دەڵێ: باشە دایە باوکم چەند جار بەتۆی وتووە خۆشم دەوێیت؟ ئەی تۆ چەند جار بەباوکمت وتووە خۆشم دەوێیت؟ باشە چەند جار لە ژیانتا بە خۆشی خۆت لەگەڵ چوویتە جێگەوە؟ (ن) دەڵێ: من لەو زمانە تێناگەم شەرەفی کچ بە کۆنتراکتێك لەسەر کاغەزێك ئەکاتە دیاری بۆ کەسێکی نادیار، من ئەو کوڕەی سلێمانیم خۆش ناوێت، هەزار کۆنتراکتی زەواجیشمان لە بەینا هەبێت جەستەی خۆمی پێڕەوانابینم.. ئیدی وەك دایکی (ن) وتی: ئیتر دەستێکم ئەملا و دەستێکم ئەولا، نەمدەزانی چی بکەم.. هەرچۆنێك دەبێت لەڕێی کچێکی بەڕەگەز مەغریبی هاوڕێی (ن) پێدەزانن کە لە هۆڵەندا نەشتەرگەری دروونەوەی (پەردەی کچێنی) بەپارەیەکی زۆر دەکەن، دایکی (ن) دەڵێ هەرچەندێ بێت گرنگ نیە، گرنگ ئەوەیە ببیتەوە بە کچ هەتا باوکت و کەسوکاری باوکت پێیان نەزانیوە منیش لەگەڵا زیندەبەچاڵ دەکەن..

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەو شێوەیە (ن) پێش ئەوەی بۆ دواجار بۆ کوردستان بەڕێکەوێتەوە بۆ ئەوەی نەشتەرگەری (دروونەوەی پەردەی کچێنی) دەکات، شەرەفی خۆی دەسەنێتەوە و دەچێتە باخەڵی پیاوێکی تر کە هیچ سۆز و خۆشەویستیەك نایانبەستێت بەیەکەوە، بەڵام ئەوەی نەتوانرا بدوورڕێتەوە، هەست و دڵی بریندارە..

کچێکی تر لە ڕێی هاورێیەکمەوە لە ئەڵمانیا ناسیم، ئەو دەمەی پێیان ناساندم سەرقاڵی هاتوچۆی لای پزیشکی تایبەتمەندبوو بەمەبەستی ڕێکەوتن لەسەر نەشتەرگەری (دروونەوەی پەردەی کچێنی) ەکەی، چونکە وەك بۆی باسکردم، دوای هەفتەیەك ئەگوازرایەوە بۆ کوڕێکی تر..

کچەکە کە ناوی (د. م. ) بوو، بەم شێوەیە باسی خۆی کرد: من خەڵکی هەولێرم، ماوەی (10) ساڵە لە وڵاتی ئەڵمانیا، دەژیم، ئەو دەمەی لەگەڵ باوکودایکم و خوشك و براکانم هاتینە ئەڵمانیا منداڵبووین، لێرە پەروەردەبووین، بۆیە تێگەیشتنم بۆ زۆر مەسەلە و بیرکردنەوەم زیاتر ئەوروپیە، ئەوەش بەدەست خۆم نیە..

کە لەبارەی نەشتەرگەری (پەردە دروون) ەکەوە لێم پرسی، وتی: من تێناگەم بۆچی کۆمەڵگای کوردەواری وا بەو شێوەیە باس لەو جۆرە شتانە دەکات، بۆچی وا بایەخ بە شتێك دەدەن کە خۆی ئەسڵەن شایستەی بایەخ نیە، لە ئەوروپا ئەو کچەی بگاتە تەمەنێکی بۆ نمونە سەروو 18 ساڵ ئەو پەردەیەی مابێت ئینجا بەبایەخەوە لە حاڵەتەکە دەکۆڵنەوە و بە نەخۆشی لەقەڵەم دەدەن..

ئەوەی (د. م. ) دەیویست بیڵێت و نەیدەتوانی بیگەیەنێت، ئەوەی من لێی تێگەیشتم ئەوەبوو کەوا کچێنی کچ بەو پەرەیە نیە، کچێنی کچ شتێك نیە جێگەی باس بێت، چونکە ئەو لە میانەی بەشی دووەمی قسەکانیدا وتی: من هێشتا کچم، هەرچەندە کەسوکارم وام پێناڵێن و دەڵێن من کچێکی گوناهبارم، بەهانەش بۆ ئەوە ئەو نەشتەرگەریە کە پێمی دەکەن، بۆ ئەوەی وەکوو خۆیان دەڵێن (ڕووسووریان بکەم) واتا ئەوان شەرەفی خۆیان لەو پەردەیەی مندا دەبیننەوە، منیش نەدەکرا بێ دڵیان بکەم، چونکە ئەوان رازی نەبوون ئەو کوڕە ئەڵمانیە ببێتە هاوسەرم، دەمدەن بە کوڕێکی خزمی خۆمان..

لێم پرسی: ئەی کوڕەکە دەزانێت تۆ ئەو نەشتەرگەریەت کردووە؟ بە پێکەنینەوە وەڵامی دایەوە وتی: جا ئەگەر بزانێت یان نەیدەهێنام، یان تێدەگەیشت و رازی دەبوو پێم و پێویستی نەدەکرد ئەو نەشتەرگەریەش بکەم و پارەکەی بۆ خۆم هەڵگرم.. پاشان لێم پرسی داخوا بەتەمایە رۆژێك لە رۆژان ئەو نهێنیە بە دایك و بابی بڵێت؟ گوتی: دایك بابم دەڵێن نابێت پێی بڵێم، منیش ئەبێت بەقسەیان بکەم، چونکە هەست دەکەم ئەوان بەناوی کۆمەڵگایەکەوە قسان دەکەن..

ئیدی نمونەی (ن) و (د. م. ) زۆرن ئەگەر بەدوایاندا بگەڕێیت، هەموو بوونەتە سندووقێك بەسەر نهێنیەکدا داخراون، بەڵام ئەوەی سەرسامی کردووم ئەو مومارەسات و قەسوەتەی کۆمەڵگایەیە کە وای کردووە ئەو کچانە کە شوودەکەن بەو شێوەیە هەموو ژیانیان لەگەڵ ئەو مێردەیاندا نهێنیەك هەبێت بترسن دوارۆژ بیزانێت، ئەوە بەلایەك و بەلایەکی تر ئەو مومارەساتە ئەو کارکردە نیگەتیڤەشی هەیە بۆ سەر کەسایەتی پیاو خۆی..

بەهەر حاڵ هەر لە میانەی گەڕانم بەدوای حاڵەتێکی تردا، ژنێکم ناسی بەسەرهاتی کچێکی هاوڕێی بۆ گێڕامەوە، وتی: (س. ع. ر. ) کچێکی زۆر نازدار و جوان بوو کەهاتە ئەم وڵاتە دەمودەس کوڕێکی سورینامی ناسی، بەنیازبوو شووی پێبکت، هەرچەندە خەڵك زۆر باش باسیان نەدەکرد، بەڵام من زۆر نزیکی بووم، لەو کوڕە زیاتر کەسی تری خۆشنەدەویست، بۆیە بڕیاری دابوو شووی پێبکات، بەڵام کەسوکاری زۆریان لێکرد وازی لێبێنێت و دایان بە کوڕێکی خزمیان لە ئەمەریکا، پێش چوونی بۆ ئەو وڵاتە، نەشتەرگەری (دروونەوەی پەردەی کچێنی) کرد و ئینجا رۆشت بۆلای مێردەکەی.. لێم پرسی ئایا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەو کچە ئیستا بەختەوەرە، وتی: ئەوەی من بزانم هیچ بەختەوەر نیە، هێشتا دڵی لای ئەو کوڕەیە کە دەیناسی، لەهەمووشی گرنگتر ئەوەیە ئەو کوڕە هەتا ئیستاش هەر هەواڵی لە من دەپرسێت، زۆری خۆشدەویست، خوا کەسوکاری بگرێت.. وتم: ئەی مێردەکەی بە چیرۆکەکەی دەزانێت؟ وتی: نەخێر نازانێت، باوەڕ ئەکەم بیزانێت تەڵاقی دەدات..
گرنگ نیە لای کۆمەڵگا کچێك عەقڵی بە پاکی بمێنێتەوە، گرنگ ئەوەیە پەردەی کچێنی سەلامەت بێت، خۆ ئەگەر بە خەیاڵ هەموو گوناهی دونیاش بکەن گرنگ نیە، ئەگەر عەقڵیش لەدەستدەن گرنگ ئەوەیە پاکیزەیی خۆیان، ئا ببورن، پاکیزەیی کۆمەڵگا لەدەست نەدەن..
لەگەڵ پیاوێکی هاوڕیماندا قسەم لەو بارەیەوە کرد، ئەوەی سەرسامی کردم ئەوەبوو ئەو کابرایە وتی: باسی ئەو کێشەیە مەکە بەو پێیەی کچ تاوانبارە لە ریپۆتاژەکەدا، باسی عەقڵیەتی بۆگەنی کۆمەڵگا بکە، باسی دواکەتوویی ئەو کۆمەڵگایە بکە، کە هەموو هەیبەت و کەرامەت و شەرەفی خۆی بەسەلامەتی پەردەی کچێنی کچێکدا ئەپێوێت، کەچی بە عەقڵ و داهێنان و ئیبداعی ژنی ناپێوێت، بەدەر لەوەی ئەو کچە ژنی کێیە، یان کێی خۆش دەوێت، چونکە ئەوە مەسەلەی ئازادیەکی تاکەکەسیە، لەکاتێکدا داهێنان و ئیبداع لە ژیانی کۆمەڵگادا کارێکە تایبەتە بە هەموو کۆمەڵگاوە..
کەواتە با سەیری عەقڵی ژن بکەین، نەك سەیری عەقڵی..
بەشی سێهەمی ماوە
venusfaiq@gmail. com

تێبینی: ئەم بەشە لە ژمارە 208ی رۆژی یەکشەممە 20 ئایاری 2007 لە رۆژنامەی کوردستان راپۆرت لە هەولێر بڵاوبۆتەوە..

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.